# بێکاری؛ وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان

دنیا نجم الدین

٢٢ ی نیسانی ٢٠٢٦

## پێشەکی

ئەم شیکارییە پشت بە ڕاپرسییەکی "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" دەبەستێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان بێکاری و زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان. شیکارییەکە، کاریگەری بێکاری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی و بێکاری و زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوان، هەڵوەشاندنەوەی خێزان و توندوتیژی خێزانی) بە تایبەت دەخاتە ڕوو.

ڕاپرسییەکە بە میتۆدی چەندێتی و بە سیستمی دیجیتاڵی (CATI) بەئامرازی Kobo tool box لە ئایاری (2025) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە بەشداری (1512) کەس ئەنجامدراوە. ئامانج لەم ڕاپرسییە، زانینی "بۆچوونی هاوڵاتیانە دەربارەی بێکاری و هۆکارەکانی بێکاری لەهەرێمی کوردستان". لە گرنگترین دۆزینەوەکانی ڕاپرسییەکەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووان هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ بێکاری دەگەڕاندەوە. ئەمەش پاتەکردنەوەی ئەو ڕاستییە زانستییەیە، کە لە ئەمڕۆدا بێکاری تەنیا وەک گرفتێکی ئابووری یان کێشەیەکی کەسی نابینرێت، بەڵکو وەک کێشەیەکی سۆسیۆ-ئابووری لە واقیعدا ئامادەیی و کاریگەری هەیە و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

بێکاری لە هەرێمی کوردستان بێ پێشینە نییە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد لەساڵی 2014 و دروستبوونی قەیرانی دارایی و گرفتی دواکەوتنی مووچە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دیاردەکە زیادی کرد. بەپێی ئامارەکانی **World Bank. (2024)** ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 1992 تا ئەمڕۆ بەردەوام لە هەڵکشاندایە، بەتایبەت گەر 10ساڵ (2014-2024) وەربگرین، دەبینین ڕێژەی بێکاری زیاتر لە هەڵکشاندایە. (بڕوانە گرافیکی یەک) هەروەك بەپێی ڕاپرسییەکەی ناوەندی توێژینەوەی سبەی دەرکەوتووە، ڕێژەی بێکاری لە 9.9% یە. بەو مانایەی لە هەر (10) کەسێک، کەسێک یان زیاتر بێکارە. هەر بەپێی هەمان ڕاپرسی سبەی (2025) لەو ڕێژەیەش 57% زیاتر لە دوو ساڵە بێکارن. ئەمەش ئاماژەیەکە، کە لە هەرێمی کوردستان بێکاری پێکهاتەیی بوونی هەیە. بێکاری پێکهاتەیی؛ جۆرێکە لە بێکاری، کە بەهۆی گۆڕانی سیستمی ئابووری و سیاسی دروست دەبێت بەو هۆیەی، کە نەگونجان لەنێوان لێهاتوویی کرێکار و پێداویستی بازاڕی کار دروست دەکات (1994) Healey .

بیرمەندانی وەک (دۆرکهایم و مارکس) پێیانوایە "بێکاری تەنیا کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری نییە، بەڵکو لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیش هەیە." بەسەرنجدان لە دۆخی هەرێمی کوردستان دەبینین، کاریگەرییەکانی بێکاری بە ڕوونی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەرکەوتوون، بەجۆرێك 92% بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، بێکاری بە هۆکاری سەرەکی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت هەڵوەشاندنەوەی خێزان و توندوتیژی خێزانی دەزانن. سبەی (2025).

هەمیشە لەکۆمەڵگە ڕاگوزەرەکاندا، کێشە ئابووری و سیاسییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی قەیرانی کۆمەڵایەتیش هەیە. چونکە کاتێک بەها کۆنەکان بەرەو نەمان و کاڵبوونەوە دەڕۆن و هێشتا بەها تازەکان شوێنیان نەگرتۆتەوە، لە قۆناغی ڕاگوزەردا جۆرێک لە پشێوی کۆمەڵایەتی و یاسایی دروستدەبێت؛ لەو بارەیەوە زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە بێکاری هۆکارە بۆ زیاد بوونی کێشەکۆمەڵایەتییەکان. ئامانجی ئەم شیکارییە تێگەیشتنە لەگۆڕانی میکانیزمی قەیرانی ئابووری بۆ قەیرانی کۆمەڵایەتی و تیشکخستنە سەر مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە بۆ سەر داهاتووی کۆمەڵگە، ئەمەش بە پشتبەستن بە داتاکانی (ناوەندی توێژینەوەی سبەی).

**گرافیك** **(1)**




## چوارچێوەی تیۆری

ئەم شیکارییە لەسەر بنەمای تیۆری (ئەنۆمی دۆرکهایم) دامەزراوە. لە ڕوانگەی (دۆرکهایم)ەوە؛ کاتێك سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەشێوێت یان گۆڕانێکی ڕادیکاڵ لەسیستمی سیاسی و ئابووریدا ڕوو دەدات، کۆمەڵگا دەکەوێتە دۆخی "ئەنۆمی" یەوە. کەدۆخێکە بەها کۆمەڵایەتییەکان تێکدەشکێن و تاک هەست بە نائومێدی و تەریکی دەکات لەکۆمەڵگەدا. بەتایبەت، کە دۆرکهایم زیاتر لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی، باس لە کاریگەری ناسەقامگیری ئابووری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات.

Durkheim as cited in Marks(1974)

Merton (1938) لەسەر بنەمای تیۆری "ئەنۆمی دۆرکهایم" لەو بڕوایەدایە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی)، بەرهەمی دەرەکی و پەیکەربەندین. ئەم فشارەش کاتێک دروست دەبێت، کە ناتەبایی هەبێت لەنێوان ئامانجی کولتووریی، یان بەهاکانی وەک (سەرکەوتن و دەوڵەمەندی) ئەو ئامانجە باڵایانەی کۆمەڵگە بۆمان دیاریدەکان، لەگەڵ ئەو توانستە یاسایی و سیاسییەی، کە بەردەستن بۆ

بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. **مێرتۆن** پێی وایە "دۆخی ئەنۆمی تەنیا کاریگەری لەسەر تاک نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسیش هەیە؛ بەجۆرێك تاک بە پێنج جۆر ڕووبەڕووی دۆخی ئەنۆمی دەبێتەوە.

لە ڕێگەی تیۆری (ئەنۆمی)یەوە، دەتوانین تێبگەین، کە چۆن بێکاری و شڵەژانی ئابووری کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێت. بە دیدی دۆرکهایم، لەقۆناغی ڕاگوزەردا هاوبەندی کۆمەڵایەتی تێک دەشکێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بەهای تاک لەکۆمەڵگەدا. (مێرتۆن) گەشەیەکی بەرچاوی بە تیۆری (ئەنۆمی دۆرکهایم) داوە، کە پێی وایە "کاردانەوەی تاک بۆ دۆخی ئەنۆمی تەنیا لەچوارچوەی لێکەوتە دەروونییەکان نابێت، بەڵکو کاریگەری بەسەر تەواوی سیستمی سیاسی دەبێت. ئەم دۆخە بەجۆرێکە، کە پەیوەستە بە تاک و ناچێتە ناو کۆمەڵگاوە، بەڵکو نۆرم و یاساکان کاریگەری لەسەر تاک دروست دەکات و کاردانەوەیان دەبێت؛ ئەمەش دەکرێت وەک خاڵی جیاوازی نێوان (مێرتۆن و دۆرکهایم) سەیر بکرێت.

## میتۆدۆلۆجی

ڕاپرسییەکە بە میتۆدی چەندێتی و بە سیستمی دیجیتاڵی ( CATI ) بە ئامرازی Kobo tool box ئەنجام دراوە. ڕاپرسییەکە لە ئایاری (2025) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە بەشداری 1512 کەس ئەنجامدراوە. داتاکان بە پرۆگرامی SPSS شیکار کراوە، بە لەبەرچاوگرتنی گریمانەی هەڵەی (±3٪) هەروەك ماوەی کۆکردنەوەی داتاکان لەنێوان 2025/5/1 تا 2025/5/16 بووە.

## دابەشبوونی جوگرافی؛

پارێزگای هەولێر: 34.4%

پارێزگای سلێمانی: 34.1%

پارێزگای دهۆک: 27.8%

پارێزگای هەڵەبجە:3.7%

## زانیاری دیمۆگرافی:

تەمەنی بەشداربووان

| 24-18 | 25-34 | 35-44 | 45-50 |
|---|---|---|---|
| 150کەس | 429کەس | 552کەس | 390کەس |


**ڕەگەز؛**

نێر 74%


مێ 26%

## گرنگترین دۆزینەوەکان:


**دۆخی کارکردن؛** بەپێی دۆزینەوەکان ڕێژەی بێکاری لە ئاستێکی بەرزدایە، واتە لە هەر (10) کەسێک، یەک کەس، یان زیاتر بێکارە.



**بێکاری وەك هۆکارێك بۆ زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان؛** لە92% بەشداربووان بێکاری بە هۆکاری زیادبوونی کێشەکۆمەڵایەتییەکان دەزانن




**بێکاری و کێشە خێزانییەکان؛** زۆرینەی بەشداربووان دەڵێن: بێکاری لە هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کاریگەری زیاتری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزان هەیە



## گفتوگۆ:

دۆزینەوە سەرەکییەکانی ڕاپرسییەکە جەخت لەسەر پەیوەندی ڕاستەوانەی بێکاری و زیادبوونی کێشەکۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە. لە 92%بەشداربووان، ئاماژە بەوە دەکەن بێکاری هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش لە ڕوانگەی (دۆرکهایم)ەوە دۆخی (ئەنۆمی، یان تێکچوونی باری ئابووری) کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و متمانەی تاک بەخۆی دەبێت. هەروەك مرۆڤ لە دۆخی ئەنۆمی توشی خەمۆکی دەبێت و متمانەی بە خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش وادەکات تاک تووشی دابڕان بێت لە کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز ببێت.  لە ڕوانگەی هەر یەك لە (مێرتۆن و دۆرکهایم) دۆخی ئەنۆمی چەند حاڵەت و دیاردەیەکی وەک (تاوان، توندوتیژی خێزانی، خۆکوشتن، کوشتن) لەکۆمەڵگەدا زیاد دەکات.

لەلایەکی ترەوە لە 26% بەشداربووان ئاماژەیان بۆ کردووە، بێکاری هۆکارە بۆ زیادبوونی خەمۆکی و گرفتە دەروونییەکان. لە دیدی (مێرتۆن)ەوە ئەم حاڵەتە، بەهۆی فشاری کۆمەڵگە بۆسەر تاک دروست دەبێت کاتێک ئامانجە بالاَکانی کۆمەڵگە ناتەبا و ناهاوتایە بەو میکانیزمانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان لەکۆمەڵگەدا هەیە. هەربۆیە تاک تووشی جۆرێک لە پەستان و دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت. (فرۆید) لەبارەی خەمۆکییەوە دەڵێت "مرۆڤ لەژیانیدا ڕووبەڕووی دوو جۆر لەخەمخواردن دەبێتەوە (پرسە، خەمۆکی). پرسە بۆ لەدەستدانی کەسێک، یان لەدەستدانی ئامانجێکی بالاَی ژیان؛ بەلاَم مرۆڤ لێرەدا خۆی لەدەست نادات، یان ڕقی بۆ جیهانی دەرەوە لا دروست نابێت. لەکاتێکدا لە دۆخی خەمۆکیدا، مرۆڤ هەست بە لەدەستدانی خودی خۆی دەکات و پێیوایە، کە بێ بەهایە، لەم دۆخەشدا "غەریزەی مەرگ" زیاد دەبێت. زۆرجار ئەم دۆخە وادەکات، تاک ئازاری خۆی و کەسانی دەوروبەری بدات. لە17% بەشداربووان ئاماژە بەوە دەکەن؛ بێکاری کاریگەری لەسەر زیادبوونی توندوتیژی خێزانی هەیە، بەلاَم توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی مێژوویی و جیهانییە، کە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە. هاوکات لەگەڵ هۆکارە ئابوورییەکان، هۆکاری (پەروەردەیی، کولتووری و سیاسی) ڕۆڵیان لە زیادبوون، یان کەمبوونی توندوتیژی خێزانییەوە هەیە. هەروەك (مێرتۆن) ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم دیاردانە بە تەنیا لە (تاک)ەوە ناچێتە ناو (کۆمەڵگە) بەڵکو لەڕێگەی سیستمەکانەوە کاریگەری لەسەر تاک دروست دەکات، کە دواجار ئەو فشارە وا لە تاک دەکات کاردانەوەی هەبێت.

ئەم کاردانەوانە تەنیا لەسەر ئاستی کەسی، یان خێزانی نامێننەوە، بەڵکو دەگوازرێنەوە بۆ فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەك مێرتۆن دەڵێت "کۆمەڵگە بەرەو جیاکاری و دابەشبوون دەبات". بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، چەندین ئاماری مەترسیدار لەپەیوەندیدا بە زیادبوونی کێشە

کۆمەڵایەتییەکان (بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، کوشتن، خۆکوژی، هەڵوەشانەوەی خێزان، توندوتیژی خێزانیی) ئاماژە بەوەدەکەن؛ ڕێژەکان بەردەوام لە هەڵکشاندایە. بۆ نموونە، بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە عێراق، لەپێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هیچ حاڵەتێکی بەکارهێنان، یان بازرگانی ماددەی هۆشبەر تۆمار نەکراوە. بەڵام لە ئامارێکی تری هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، کە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیان ناردوە [UNODC(2024)](#) لەنێوان ساڵانی 2019-2023 بازرگانیی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە 12% زیادی کردووە، کە ئەمەش لە خۆیدا ئامارێکی مەترسیدارە. لێرەوە دەتوانین گرفتە ئابووری و قەیرانە سیاسییەکان بە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕێژەکە بزانین، چونکە لەدۆخی قەیراندا خواست زیاتر دەبێت و مەودای بەدیهێنانی ئامانجەکانیش بە ڕێگەی دروست، کەم دەبێتەوە؛ تا دەگات بەوەی کۆنترۆڵی حکومەت بۆ سەر دامەزراوەکانی بەرەو لاوازی دەچێت، ئەمەش هەلی گەندەڵی و لادان زیاد دەکات.

هەر بەپێی تێزەکانی (مێرتۆن، دۆرکهایم، مارکس)، جەخت لە (نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری) دەکەنەوە، کە چۆن دەبێتە هۆی لادانی کۆمەڵایەتی، یان توندوتیژی خێزانیی، بەجۆرێک لە [ئامارێکی ئاژانسی هەواڵی ژن](#) بڵاوکراوەتەوە، کە لە ساڵی 2003 (80) ژن کوژراون، یان ناچار بە خۆکوشتن کراون. ئەم ئامارانەش پشتڕاستی تیۆری (ئەنۆمی) دەکەنەوە، کە "لە کۆمەڵگە نەریتییەکان، یان ڕاگوزارەکاندا، قەیرانی سیاسی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، قەیرانی کۆمەڵایەتیش دروست دەکات."

## دەرەنجام conclusion

ئەم شیکارییە، کە لەسەر بنەمای ڕاپرسییەکی (ناوەندی توێژینەوەی سبەی) بە بەشداری 1512کەس ئەنجامدراوە، پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆ لەنێوان بێکاری و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکاندا پشتڕاست دەکاتەوە. داتاکان دەریدەخەن، کە بێکاری زۆرترین کاریگەری لەسەر سێ دیاردەی مەترسیدار هەیە: هەڵوەشانەوەی خێزان، خەمۆکی و گرفتە دەروونییەکان، لەگەڵ توندوتیژیی خێزانی. لەسەر ئاستێکی فراوانتر، وەک لە ئامارە نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، "بێکاری پاڵنەرێکە بۆ زیادبوونی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان". ئەم دۆخە نەک تەنیا مەترسییە بۆ سەر ژیانی تاک، بەڵکو دەبێتە هۆی دروستبوونی گروپێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە (Alienated) کە بەشدارییان لە پرۆسەی بڕیارداندا نامێنێت.

لە لایەکی دیکەوە، دەرەنجامی هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان بەهۆی بێکارییەوە، کاریگەری دوورمەودای هەیە؛ بەجۆرێك بەشێکی زۆری منداڵانی ئەم خێزانانە بێ سەرپەرشت دەمێننەوە و بە ناچاری پەنا بۆ کارکردن

دەبەن. ئەمەش واتە زیادبوونی دیاردەی "منداڵی ئیشکەر"، کە لە داهاتوودا ئاسەوارە نەرێنییە دەروونییەکانیان لە شێوەی ڕەفتاری نادروست و لادانی کۆمەڵایەتیدا (Social Deviance) دەردەکەوێتەوە و سووڕی قەیرانەکان بەردەوامی پێدەدات.

## پێشنیازەکان:(Recommendations)

- **تێڕوانینی نوێ بۆ کێشەکە؛** پێویستە تێڕوانینی نوێ و تێگەیشتنی قووڵتر بۆ بێکاری بنیات بنرێت؛ بەجۆرێك تەنها وەک کێشەیەکی ئابووری خوێندنەوەی بۆ نەکرێت، بەڵکو وەک سەرچاوەیەک بۆ لادانی کۆمەڵایەتی و تێکچونی ئاسایشی خێزان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
- **دامەزراندنی سەنتەری چارەسەری؛** پێویستە حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان، بنکەی تەندروستی و دەروونیی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودەبوو بکەنەوە. هەرچەندە ئەمە تێچوویەکی ئابووری هەیە، بەڵام پشتگوێخستنی دەبێتە هۆی ناهاوسەنگییەکی گەورەتر لە بودجەی گشتی و لەدەستدانی متمانەی کۆمەڵایەتی.
- **پاراستنی منداڵانی قوربانی؛** دانانی میکانیزمێکی خێرا لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ چاودێریکردنی ئەو منداڵانەی بەهۆی کێشەی ئابووری و جیابوونەوەی دایک و باوکیانەوە بێ سەرپەرشت دەمێننەوە. ئەمەش بە ئامانجی ڕێگریکردن لە زیادبوونی دیاردەی منداڵی ئیشکەر و دروستبوونی نەوەیەکی دەروون شێواو.
- **ڕێنمایی کاری کۆمەڵایەتی؛** گرنگیدان بە دامەزراندنی توێژەر و ڕێنماییکاری کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکانی خوێندن. بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی منداڵان و هەرزەکاران.

## References

Healey, N. M. (1994). *The causes of unemployment: What do economists really know?* Bank of Valletta Review, (9), 43–57.

JINHAGENCY. (2023). *Statistics on killing and violence against women in the Kurdistan Region - 2023*. Women News JINHAGENCY | ئاماری کوشتن و توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان- ٢٠٢٣

Merton, R. K. (1938). *Social structure and anomie. American Sociological Review*, *3*(5), 672–682. https://doi.org/10.2307/2084681

Marks, S. R. (1974). *Durkheim's theory of anomie. American Journal of Sociology*, *80*(2), 329–363. http://www.jstor.org/stable/2777505

Sbey Research Center. (2025). *Survey report: "Public Perceptions of Unemployment and Its Causes in the Kurdistan Region*". http://www.sbeyresearch.com

Statista. (2024). *Unemployment rate in Iraq from 2014 to 2024.* https://www.statista.com/statistics/327328/unemployment-rate-in-iraq/

World Bank. (2024). *Iraq - Unemployment rate.* [Data set]. World Bank Open Data. https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?locations=IQ